# ئاسایشی زمانەوانی !

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

که دێینه سەر باسکردنی کۆمەڵی مەدەنی ودیموکراسی و دروستکردنی نەتەوەی گەورەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی و فیستیفاڵ سازکردن بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان  وەک بڵێی هیچمان نەهێشتبێتەوە تەنها راگەیاندنی دەوڵەتەکەمان نەبێت، بەڵام ئەمەگەورەترین ناراستی و درۆیە بەرانبەر بەخۆمان و گەل و نەتەوەکەشمان، ئەگینا ئێمە تائێستا نەمانتوانیوە سادەترین ئاڵۆزی زمانەوانی و زاراوەو ووشەی رەسەنمان بهێنینەوە باری راست و تاکە هۆشیاری و ریکلامیێکمان نییە لە راگەیاندنەکانماندا بۆ تەنها چەند خولەکێکیش بێت شەوانە ئەو ووشە عەرەبیانە بگۆرێتەوە سەر زمانی کوردی،  واتە ئەتوانم بڵێم لەروی فەرهەنگی یەوە بەتایبەتی زاراوە یاسایی و زاراوە دەوڵەتی و زانستی و فەرمانگەییەکان تەواو وێرانین تا ئاستی وێرانە، بەعس هەر بەتەنها کردەی بەعەرەبکردنی گوندو ئەنفالی گوندەکانی نەکردین بگرە هاتە هۆشمان و دەستی برد بۆ یادەوەری مامەڵەی رۆژانەی فەرمانگەکانیشمان و لە ماڵەکانمانی ئەنوسی (رقم الدار) و تائێستاش ماڵ هەیە هەر ئەڵێت (دارللبیع) چێشتخانە هەیە هەر ئەنوسێ (جناح خاص) و تاد.. هەر کە ئەچینە فەرمانگەکانی خانو بەرەو زەوی و زارو شارەوانی و باج و دەرامەت، ئەوەی بەر گوێمان ئەکەوێت و سەرنجمان ئەدزێت ئەو ووشەو زاراوە عەرەبیە ناخۆشانەن کە هەر بە ڕووکەش لە بەرمان کردون و بە ناوبردنیان خێرا هیلاکی و ئەم ژوراو ژورو مامەڵەی ووشک و رۆتینیاتمانی بەعسمان بیر ئەکەوێتەوە، ئەمە جگە لەوەی ئەبێت ئەوە بزانین کە بەعس و حکومەتە شۆڤێنیەکانی رابوردو تەمەنی سیاسی خۆیان بە پرۆسەیەکەوە بەسەر برد کە بەپرۆسەی (تعریب) واتە بەعەرەبکردن ناسرا لە سەر هەموو ئاستەکان تەنانەت دابەزاندنی ئەم پرۆسەیە بۆ نێو دام و دەزگا و فەرمانگەکان بە شێوە شاقولێیەکەی، بەتایبەت نوسراوە رەسمیەکانی بانک و خانوبەرەو دادوەری، ئەوانەی رۆژانە هاوڵاتی لەسەر زارو زمانیانە بۆمامەڵەکردن بەڵام ئەوەی سەرنجی منی راکێشاوە تائێستا (تپبیت حدود) واتە جێگیرکردن یان دیاریکردنی سنور یان رەنگرێژکردنی خانوو ئەرزە ئەگەیەنێت، ئەم زاراوەیە بەعەرەبی و بەو شێوە بەربڵاوە لە سەر زمانی ئێمەی کورد خەیاڵی منی رۆژنامەوانی راکێشا بۆ چەن دێرێک، ئەگەرچی ئێمە بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی سیاسەتێکی درێژخایەنی دەمارگیری ناسیۆنالیزمی ناوچەکە بوین لە سەر ئەو پرسەی کە پێی ئەوترێت (حدود- سنور) کە تائێستا نەمانتوانیوە وەک سروشتێکی خواکردو مێژووکرد بەپێی خواستە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانمان رەنگرێژو دیاری بکەین و بگرە هەمیشە بۆمان دیاریکراوە لە لایەن مەساحە شۆڤێنی و داگیرکەرەکانەوە، ئەمرۆی ئازادی بۆ ئەبێت ئێمە شەن وکەوی ئەو زاراوەو ووشانە نەکەین؟ یان بۆچی ئەوو وشانە بە لێشاو بەکار ئەهێنینەوە و ئەینوسین و ئەیلێین؟ ئەی حکومەت کاری چییە؟  ئاخر ناکرێت ئێمە بانگەشەی رەسەنایەتی زمانی کوردی و بەرەسمیەت ناسینی زمانەکەمان بکەین لە سەر ئاستی هەموو عێراق و کەچی سادەترین ووشەمان نەگۆرِیبێت کە ( تەسبیتی حودودو سورەت قەیدو عەقارو سولفەو خەریتەو تەملیک و وەسڵ وجنسیەوعوتڵەودەوائیرو چی و چییە؟ دەست و پەنجە نەرمکردن و زاخاودانی گوێی ئەم نەوە تازەیە بەو زاراوانە خزمەت بە هەمان ئەو کولتورە شۆڤێنیە ئەکات کە هەمو تەمەنی خۆی بەکار هێنا بۆ پاکتاوی نەژادو فەرهەنگی کوردی بە گۆرینی ناوی سەر شەقام و دوکان و منداڵەکانیشمانەوە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێم لەم نا هۆشیاریە بە ئاگا بێت و لە رێگەی دامەزراوە بەرپرس و پەیوەندارەکانەوە وەک کۆری زانیاری و دەزگا رۆشنبیریەکان هەڵمەتێک بکات بۆ دارشتنەوەو پاکژکردنەوەی ئەو وشەو زاراوانە لە ناوەندە رەسمیەکاندا تا هیچ نەبێت هەنگاوێک پاشەکشە بکەین بە سیاسەتی بەعەرەبکردن و هاوڵاتیانیش رابهێنرێن لەسەر بەکارهێنانە کوردیەکەی ئەو زاراوانە، بەدڵنیایەوە راستکردنەوەو بەکوردیکردنەوەی ئەو زاراوانە بەشێکە لە هەوڵ وکردەی هۆشیاری گشتی نیشتیمانی و ئاسایشی زمانەوانیمان تا ئەو رادەیەی بتوانین پێش ئەوەی کە باس لە دەوڵەتی کوردی بکەین باسی زمان و زاراوەکانمان بکەین.